# جوانترین دیاری

نووسین و وەرگێڕانی
ڕۆژا عوسمان دەشتی

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری**

**سەرنووسەر: نیان ئەحمەد**

زنجیرەی کتێب: ٣٠

ناوی کتێب: جوانترین دیاری

نووسین و وەرگێرانی: رۆژا عوسمان دەشتی

دەرهێنانی هونەری: ئاسۆ خالید

وێنەکان: مەریوان سەلیم گەڵاڵی

پیتچنین: رۆژا عوسمان

هەڵەچن: نیعمەت حەمە عەلی

سەرپەرشتیاری چاپ: عەبدولقادر عەلی مەردان

ژمارەی سپاردن: (١٠٨٢)

چاپ: یەکەم ٢٠٠٧ - هەولێر-

چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخی: (٥٠٠) دینارە

**زنجیرە کتێبی منداڵان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە:**

www.geocities.com/kitebi_mindalan



# ددانی کاڵێ

کاڵێ کچێکی تەمەن هەشت ساڵان بوو، رۆژێک لە قوتابخانە ددانی هاتە ژان بۆیە دەستی بە گریان کرد. مامۆستاکەی لێی پرسی: کاڵێ بۆچی دەگری؟

کاڵێ وەڵامی دایەوە گوتی: ددانم دێشێ.
مامۆستاکەی گوتی: بە دایکت بڵێ بتباتە لای پزیشکی



ددان، رۆژی دواتر کاڵێ بە دایکی راگەیاند کە ددانی ژان دەکات، دایکیشی بردی بۆ لای پزیشکی ددان. پزیشکەکە سەیری ددانی کاڵێی کرد و گوتی: کاڵێ ئەو ددانەت خراپ بووە، پێویستە دەریبێنین، پاش ماوەیەک ددانێکی نوێ و جوان لە شوێن ئەو ددانە دێتەوە.

پزیشکەکە ددانی کاڵێی دەرهێنا. رۆژی دواتر ماۆستاکەی لێی پرسی: کاڵێ ئێستاش ددانەکەت هەر دێشێ؟ کاڵێش گوتی نازانم!

ماۆستا پێی گوت: چۆن نازانیت ددانت دێشێ یان نا؟!

کاڵێش لە وەڵامدا گوتی: چونکە ددانەکە لای من نەماوە، لای پزیشکی ددان بەجێ ماوە.

و. لە ئینگلیزییەوە

سەرچاوە: WOW!

لە گۆڤاری هەنگ ژمارە (٧٤) حوزەیرانی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتەوە.


كات



رۆژێک مامۆستا دیار چووه ناو پۆلەکەی، لەدوای بەیانی باش کردن لەگەل قوتابییەکان، پێیانی ڕاگەیاند کە ئەمڕۆ تاقیکردنەوەیەکیان هەیە لەسەر کات بۆیە پێویستە بچن بۆ تاقیگەی قوتابخانە. لەدوای ئەوەی قوتابییەکان

هەموو لە شوێنی خۆیان لە تاقیگەدا دانیشتن، مامۆستا دەستی کرد بە ئامادەکردنی کەلوپەلی تاقیکردنەوەکە.

قوتوێکی شووشەی دەرهێناو لە قوتابییەکانی پرسی؟ ئایا ئەم شووشەیە پڕە؟ هەموو بەیەکەوە گوتیان: نەخێر. ئەمجارە مامۆستا دیار بەردی گەورە گەورەی هێنا و کردییە ناو شووشەکە تا گەیشتە سەری شووشەکە، ئەمجار پرسی: ئەی ئێستا چۆنە؟ قوتابییەکان گوتیان: بەڵێ ئێستا پڕ بووە. مامۆستا گوتی: نەخێر، بەردی بچووک بچووکی هێنا و کردییە ناو شووشەکە، بەردە بچووکەکان چوونە کەلینی بەردە گەورەکان. ئەمجارەش پرسی؟ ئەی ئێستا؟ قوتابییەکان پاش کەمێک دیسان گوتیان بەڵێ ئێستا پڕ بووە. مامۆستا دیار بێ ئەوەی قسە بکات لمی هیناو کردییە ناو شووشەکە تا چووە کەلین و قوژبنەکانی بەردەکان تا گەیشتە سەری شووشەکە. بۆ جاری چوارەم مامۆستا دیار پرسییەوە: باشە ئێستا دەتوانم هیچی تری تێ بکەم؟

لەم کاتەدا قوتابییەکان بە سەرسامییەوە سەیری مامۆستا دیار و شووشەکەیان دەکرد و بیریان دەکردەوە، لەناکاو دیاکۆ دەستی بەرز کردەوە! مامۆستا گوتی: بەڵێ دیاکۆ. دیاکۆش هەستایەوە سەر پێ و گوتی: مامۆستا گیان

دەتوانین بۆ دوا جار ئاوی تێبکەین، کە لەگەڵ لمەکە تێکەڵاو دەبێت ئەوسا پڕ دەبێت! مامۆستا دیار: ئافەرین کوڕی ژیرم.

منداڵە ئازیزەکان: مەبەست لە تاقیکردنەوەکەی مامۆستا دیار ئەوەیە کە چۆن بتوانین کاتمان بە فیڕۆ نەدەین، مەبەست لە شووشەکە ڕۆژێکە، بەردە گەورەکان کە ئیش و کارە پێویستەکانن دەبێت پێش هەموویان جێ بەجێیان بکەین. دوایی بەردە بچووکەکان کە کارە ناوەندییەکانن ئەنجامیان بدەین، ئەنجا لم و دواتریش ئاو. واتە: بەرە بەرە لەکارە پێویستەکانەوە دەست پێ بکەین تا دوایی و ئەوانی تر، بەڵام گەر یەکسەر لم یان ئاو بکەینە ناو شووشەکە ئەوا شوێنی بەردەکان نامێنێت، گەر ئێمەش لە ڕۆژێکدا کارە کەم پێویستەکان بکەین وەکو یاری ئەوا کاتمان لەدەست نامێنێت بۆ ئەنجامدانی کارە پێویستەکان وەکو ئەرکی ماڵەوە.

بۆیە ئازیزانم دەبێت ئاگاداری کات بین و بە شێوەیەکی وا بە کاری بێنین کە بتوانین بۆ خۆمان لە ڕۆژێکدا خوێندنی خۆمان تەواو بکەین و یاریش بکەین و هەروەها لە پشووی هاوین دا کتێب بخوێنینەوە ویارمەتی دایک و باوک و هاوڕێکانیشمان بدەین.

# خۆر و رەشەبا

رۆژێکیان خۆر لە سەرەوە سەیری ئەو کەش و هەوا دڵڕفێنەو ئەو کێڵگەو دارو دەوەن و ئەو خەڵکانەی سەر زەوی دەکرد لە ناوچەیەکدا. لە بیری خۆیدا گوتی: ((چەند بەهێزم، هێندە بەهێز بوون و بە سوود بوون چەندە خۆش و چەندە جوانە !))

لەو کاتەدا بینی کە درەختەکان بە هۆی هێز و تەوژمی زۆرەوە هەندێ بۆ لای راست و هەندێ بۆ لای چەپ دەهەژێنەوە، تومەز رەشەبا لە پشت ئەو هەموو ئاژاوەو هەژانەوەیە دا بوو.

- خۆر گوتی: ماندوو نەبی رەشەبا ؟
- رەشەبا وەڵامی دایەوە و گوتی: ۆۆۆ...



ئەوە کێ دەبینم، چی دەکەی لەم ناوچەیەی من؟
ئەم قسانە خۆری زۆر تورە کردو لە بیری خۆیدا گوتی: ((بۆ ئەم ناوچەیە ناوچەی رەشەبایە؟.))
- خۆر گوتی: ناوچەی تۆ! وا بزانم بە هەڵە تێگەیشتی، هەموو ئاسمان و زەوی ناوچەی منە، تۆ تەنها ئەگەر وەکو میوانێک بی و هاتبی بۆ لام.
- ها ها ها.. رەشەبا پێکەنی و گوتی: سەرم سوڕماوە، چونکە منیش لە بیری خۆمدا هەر ئەوەم بۆ تۆ دانا بوو کە تۆ میوان بیت.
لە دوای ئەم قسانە رەشەبا هێزی خۆی زیاد کردو هەموو شتێکی ناوچەکەی تێک و پێک شکاند. خۆریش ناوچەکەی زۆر گەرم کرد. تا وای لێهات، هەموو باڵندەکان گەڕانەوە بۆ ناو هێلانەکانیان و هەورەکانیش رایان کرد تەنها یەکێک لەپەڵە هەورەکان نەبێت، لە خۆر و رەشەبا نزیک بووەوەو گوتی: ((ئەوە ئێوەچی دەکەن؟ دەمەقاڵی بەم شێوەیە نابێت !))
- خۆر گوتی: رێگای ترمان لەبەر دەمدا نییە!
- هەورەکە گوتی: نەخێر، رێگای تر هەیە.
- خۆر و رەشەبا بەیەکەوە لە هەوریان پرسی و گوتیان: ئەم رێگایە چییە؟
- هەورەکە گوتی: هەردووکتان لەشێوەی



پێشبڕکێ هێزەکانتان نیشان بدەن.

- دیسان خۆرو ڕەشەبا بە یەکەوە لە هەوریان پرسی و گوتیان: چۆن؟

- هەورەکە گوتی: ئەم پیاوەی خوارەوە دەبینن کە چاکەتێکی لە بەردایە، کامتان توانیتان ئەم چاکەتەی لە بەر داکەنن ئەوە ئەوەتان لە ئەوەکەی تر بە هێزترە و خاوەنی ئەم ناوچەیەیە.

لە بێ دەنگی خۆرو ڕەشەبا هەورەکە هەستی بەوە کرد کە هەردووکیان ڕازین لە سەر ئەم پێشنیارە، لە بەر ئەوە داوای

له ڕەشەبا کرد کە دەست پێ بکات. ڕەشەبا دەستی پێ کردو بە شێوەیەک هەڵی کرد کە لقی دارەکانی دەشکاند، بەڵام پیاوەکە چاکەتەکەی زیاتر توند کرد لە بەر ئەوەی سەرمای بوو. تا نیو کاتژمێری پێ چوو ڕەشەبا بە ماندوویەتی گەرایەوە و گوتی: ((هیچ ڕێگایەک نییە بۆ ئەم کارە. پاشان ڕووی لە خۆر کردو پێی گوت: تۆش هەوڵی خۆت بدە بەڵام زۆر بە ئاوات مەبە!))

خۆریش بە هەموو گەرمییەکەیەوە ڕووی لە زەوی کرد، کەش و هەوای زۆر گەرم کرد تا پیاوەکە ناچار بوو چاکەتەکەی داکەند لەبەر ئەوەی زۆری گەرما بوو.

بەم شێوەیە لەم پێشبڕکێیەدا خۆر گرەوەکەی بردەوەو بوو بە خاوەنی ناوچەکە.

و. لە تورکییەوە

سەرچاوە: ADIM ADIM TURKCE



# لاقەو دوو باڵندەی بچکۆلە





لاڤە کچێکی تەمەن نۆ ساڵانە. زۆر حەز لە بەخێوکردنی باڵندە دەکات، لەبەرئەوە کە پارساڵ بەیەکەم دەرچووبوو باوکی تووتییەکی بۆ لاڤە هێنابوو بە دیاری. ئەمە ببووە هۆی دڵ خۆشکردنی لاڤە. ناوی (ناسک)ی بۆ تووتییەکەی هەڵبژاردبوو. پشووی ئەو هاوینەشی لەگەڵ ناسک بەسەر برد.

ئێستا ماوەیەکە ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردۆتەوە.



دایکی لاڤە هەست بەوە دەکات کە لاڤە ئاگای لە خوێندن و ئەرکی ماڵەوە نییەو هەر خەریکی یاری کردنە لەگەڵ ناسک. بۆیە چەند جارێک لاڤەی ئاگادار کردەوە کە دەست بە خوێند بکات و ڕۆژانە کەم یاری لەگەڵ تووتییەکەی بکات، کەچی لاڤە هەر بەردەوامە لە کارەکەی.

لە دوای چەند ڕۆژێک (ناسک) تووتییە خۆشەویستەکەی لاڤە نەخۆش دەکەوێت و بەرە بەرە کزو مات دەبێت تا دەبێتە هۆی نەمانی، ئەمە وای لە لاڤە کرد کە بە یەکجاری خوێندنی لە بیر بچێتەوە. پاش هەوڵێکی زۆر دایک و باوکی لاڤەیان ڕازی کرد کە پاش تەواو بوونی خوێندنی ئەوساڵەش